# ئەو (ئاگر)ەی ئاگری لە ماڵی کورد بەرداوە

واژۆ - بورهان حاجی سلێمان



شەکـــری تـــاڵ

گرنگ نییە لای من کێ لە پشت ڕووداوەکانی بادینانەوەیە، یەکگرتووی ئیسلامییە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت، یان وەکو یەکگرتوو دەڵێت ئەوە کاری پارتییە، چونکە لە ماوەی ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی حوکمڕانی خۆمانەدا گوێچکەکانمان ڕاهاتوون لەسەر یەکتر تاوانبارکردن و سڕینەوەی دەستی چەور بە یەکتری، بەڵکو ئەوەی بەلامەوە گرنگ و جێی داخە ئەو عەقڵیەتە کوردییەیە کە بە ئەندازەی ئاگری دۆزەخ بڕوای بە ڕێگەچارەی ئاگرین هەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و .. هتد.

ئەگەر هەر گەلێک بە ئاسەوار یان داهێنانێکی مرۆڤایەتی یان هەر بوارێکی زانستی و ئەدەبی و ئابوری و پیشەسازی ناسرابێت، ئەوە کورد بەوە ناسراوە کە ژنانی بە جەرگبڕترین شێوە خۆیان دەکوژن .. بە پەنابردنەبەر ئاگر!

کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ناڕەزایی بە شێوەیەکی شارستانی و چالاکی مەدەنی دەردەبڕن، لە خراپترین دۆخدا بینا حکومی و بەرپرسان بەر تەماتەی گەنیو دەدەن!، بەڵام لای ئێمە نائومێدییەکان، ڕەمز و یادەوەریەکی مەزڵومیەتی گەل وەکو مۆنێمێنتەکەی هەڵەبجە دەشێوێنن ..ئەویش هەر بە ئاگر!

لەوڵاتانی تر کێشە سیاسیە حیزبیەکان لە پەرلەمان باسیان لێوەدەکرێت و لە ناو هۆڵەکەیدا ئەگەر سەرو گوێلاکی یەکتریش بشکێنن، سەرو ماڵی خەڵکی لە شەقام پارێزراوە، بەڵام لای ئێمە یەکەم دەرهاویشتەی کێشەیەکی سیاسی سووتاندنی بازاڕو شوێنە گەشتیاری و بارەگا حیزبی و کەناڵی ڕاگەیاندنەکانی لێدەکەوێتەوە .. هەر بە هاوکاری ئاگر!

( ئاگر) لە مێژا ئاگری لە ماڵی کورد بەرداوە، مێژوونووسی کورد جەلیلی جەلیل هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی لە مێژوودا کورد شارێکی گەورەی نەبووەو نەبوونی شاری گەورەی کوردییش کە هاوشێوەی تارانی فورس و ئەستانبوڵی تورک و بەغدای عەرەب بێت، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی هەر کاتێک شارێکی کوردی گەشەی کردبێت هەر زوو کەتۆتە بەر هێرشی خێڵە کوردییەکان و تاڵان کراوەو کراوەتە خۆڵەمیش .. بە هاوکاری ئاگر!

ئاگر پانتاییەکی گەورەی لە هزری کوردیدا داگیر کردووە، کۆڵگە مەلایەک دەتوانێت ئاگر لە دڵی سەدان و

هەزاران کەس بەربداو بازاڕو شوێنی گەشتیاریانی پێ بکاتە قەرەبرووت .. بە ترساندن بە ئاگری دۆزەخ !
یان کۆڵکە حیزبییەک دەتوانێت دڵی سەدان و هەزاران کەس جۆش بداو بیانداتە پێش و بارەگای حیزبییان پێ بکاتە قەرەبرووت .. ئەویش بە هاوکاری ئاگر!
گەورەترین گەمە بە چارەنووسی کورد دەکرێت، سیاسەت دەمانسوتێنی، بووینەتە قوربانی گەمە سیاسیەکان بە ئاگر!!
یا رەبی خوایە ئاوێ بەم ئاگرەی ناو مێشکی کورددا بکەیت!!!!

سەرچاوە "هەواڵ"